## " سمكۆ عەبدولكەريم "لەوەڵام بە پرسيارى دەنگەكان
## لە حەڤدەهەمين ساڵ ڕۆژى تراژيدياى ئەنفال

**دەنگەكان :** ئايا توانراوە ئەنفال وەك ئەوەى كە هەيە , نەك ئەوەى كە دەسەڵاتدارى كوردى ئەمرۆ دەيەوێت , بكرێت بەمێژوو ؟

سمكۆ عەبدولكەريم/ من بۆخۆم بەهاناوە چوونى بە كردەوەى كەس و كارى قوربانيانى ئەنفال زۆر بە گرنگتر دەزانم لەوەى ئێمە بێين قسە لە سەر بە مێژوو كردنى ئەو كارەساتە بكەين , رەنگە خێزانێكى كۆلەوارى نيشتەجێى ژێر كەلاوەخانوويێكى يەك ژوورى كە لە كارەساتى ئەنفال قورتارى بووە و شيرازەى خێزانەكەى بە شێوەيەك لە شێوەكان لەبەر يەك هەڵوەشاوەتەوە ، گاڵتەى بەو قسە زلانەى چواردەورەى مێزە بازنيەكان بێت , دواتر بۆ بە مێژوو كردنى ئەو كارەساتە پێويستيمان بە ناوەندێكى زانستى و ئەكاديمى و ستراتيجى هەيە بۆ ئەوەى لەوێوە لێكۆلينەوە لەسەر كارەساتى ئەنفال بكرىَ و بەڵگەنامەكان بەشێوەيەكى دروست تۆمار بكرێن, چونكە تا ئێستاش ژمارەيەكى دروستى تەواوى ئەنفال كراوەكان لەبەر دەستدا نيە هەر كەسەو لە شوێنى خۆيەوە ژمارەيەك دەنووسىَ ، بۆيە بە مێژوو كردن لەسەر چەند كۆڵەكە و بنچينەيەك دەوەستىَ ، بەبىَ دروست كردنى ئەو كۆڵەكانە و دانانى بنچينەكان ناتواندرىَ هيچ شتێك بكرێتە مێژوويێكى زانستى ، تا ئێستاش كارەساتى ئەنفال وەك ڕووداوێكى جەرگبڕ لەشێوەى گێرانەوە خراوەتەوە روو .

لە ماوەى رابرودا لێرە و لەوىَ چەند ناوەندێكى تايبەت بە ئەنفال دامەزران بەڵام ئەو ناوەندانەش هەر لە وەرزى ئەنفالدا نوقەيەكيان لێوە دێت ئيتر لێى پاڵ دەكەون لەلايەكى ترەوە تا ئێستا نەتواندراوە كۆنگرەيەكى گەورەى جيهانى بۆ ئەم كارەساتە رێك بخرىَ ، ئيمانم لەوە نامێنىَ كە لەسەر رووپەرى رۆژنامەكان ئاگادارى بەهانا وەچوون بۆ برينداريێكى بەر كيمياوى كەوتوو يان لە ئەنفال دەرباز بوو بلاَو دەكرێتەوە بۆ ئەوەى يارمەتى بدرێت

**دەنگەكان :** ئەو ئەركانە چين لەسەر شانى ڕۆشنبيرى كورد لە نزيك و دوورماوەدا , سەبارەت بەكارەساتى ئەنفال ؟

سمكۆ عەبدولكەريم/ من ئەركەكانى رۆشنبيرى كورد تەنها لەوەدا نابينمەوە بىَ و تەنها كار لەسەر گێڕانەوەى كارەساتى ئەنفال بكات , هەرچەندە رۆشنبيرى كورد لە شوێن و بوارى خۆيدا دەتوانىَ ئەركەكانى خۆى جێبەجىَ بكات كە هەر يەكەيان لە ڕوويێكەوە بايەخ و گرنگى خۆى هەيە ئەم بايەخ و گرنگيەش لە بوارێكەوە بۆ بوارێكى ديكەى رۆشنبيرى جياواز و پترە، چيرۆك نووس يان شاعير لە چوارچێوەى ئەدەبيدا دەتوانن ئەركەكانيان بەجىَ بگەيێنن كە لەم رووەشەوە كەمتەرخەمييەكى زۆر هەيە ، بە سەدان رۆشنبير و هونەرمەند لەناوەوەى كوردستان و دەرەوە هەن كە چى تائێستا نەتواندراوە كارەساتى ئەنفال لە چوارچێوەى فيلمێكى هونەرى بەڵگەنامەيى لەسەر ئاستى جيهاندا دروست بكرێت ، بۆيە پێم وايە لەو قۆناخەدا رۆشنبير لە بوارەكانى ديكەى لێكۆلينەوەى ئابوورى و كۆمەلايەتى و تەندروستى و پەروەردەيى دەتوانن خزمەت بە خانەوادەى ئەنفال كراوەكان بكەن, كە بە دەست دەيان كێشەى جۆراو جۆر دەناڵێنن, ئەمە ئەركى سەرەكى رۆشنبيرە تا ئەم ساتە، چونكە تا ئێستاش خاڵكانێك هەن نان بەم كارەساتەوە دەخۆن ، قسە كردن لەسەر هەر يەك لەو چوار بوارەى لەسەرەوە باسم كردوە بايەخى خۆى هەيە كە بە لێكۆلينەوەى رۆژنامەگەرى مەيدانى دەكرێت ، دواتر دەكرىَ لە رووى سياسيشەوە كارى لەسەر بكرىَ لە ڕوويێكى ديكەشەوە ئەوە رۆشنبيرە خاڵ لەسەر پيتەكان دادەنىَ و فشار دەخاتە سەر دەسەلات بۆ بە دەنگەوە هاتن و ئاوڕلێدانەوەى كەس و كارى ئەنفال كراوەكان ، هەموو ئەمانەش بە ئەركە نزيكەكانى رۆشنبيرى كورد دەزانم بۆ ئەوەى شەفافتر قسە لەسەر كاريگەريەكانى كارەساتى ئەنفال بكرێت كە لە دواى خۆيدا بەسەر كەس و كارەكانيانى بەجىَ هێشتووە بە تايبەتى لە رووە كۆمەلايەتيەكەيەوە ، لە ڕوويێكى ترەوە من زۆر سەيرم بەو نووسەرانە دێت كە هەموو هێز و تواناى قەلەمەكانيان لەوە بەكار هێناوە فلان و فلان كە دوروو نزيك بەرپرسياريەتى ئەو كارەساتەيان دەكەوێتە ئەستۆ دەبىَ داواى لێبووودن لە گەلى كوردستان بكەن.. كوردەوارى خۆمان دەلىَ ( لێبوردن كيلۆى بەچەندى )

**دەنگەكان :** دياريكردنى ڕۆژصك بۆ ئەنفال بيرۆكەيەكى سەركەوتووە ؟

سمكۆ عەبدولكەريم /ئەگەر ديارى كردنى رۆژێك بۆ كارەساتى ئەنفال بۆ ئەوە بىَ تەنيا ئەو رۆژە ئاوڕ لە مەرگەساتى ئەنفال بدرێتەوە ،و ئەو هەموو گرفت و مەينەتيانە كە چەندين ساڵە بە سەر يەكدا كەلەكەدەبىَ و كارەساتى ئەنفال بەدواى خۆيدا بەسەر كەس وكارى ئەنفالكراوەكاندا بە جێهێشتوە ، لەو رۆژەدا بەبير بينەوە و ، بەڵێنى بە دەنگەوە هاتنيان پێبدرىَ ، دواتريش هيچيان بۆ نەكرىَ ، ئەوە ديارى كردنى ئەو رۆژە بە سەركەوتو نازانم ، بەلكو باشتر وايە هەوڵبدرىَ بەردەوام تيشكيان بخرێتە سەرو فشار بخرێتە سەر حكومەتى كوردى بۆ زياتر بە دەنگەوە هاتنيان